## بزووتنەوەی کوردایەتی، هەتا ئێستا ئازایەتی و ویژدانی دوای لێبوورد و بەخشینی تێدا دروست نەبووە!

سەرەتایەکی شۆڕشگێڕانە هەیە، دەڵێت: هەر کەسێک کار بکات، هەڵەش دەکات، ئەو کەسەی کە هەڵە ناکات، هەر ئەو کەسەیە کە هیچ ناکات.

با لێرەدا راستییەکی سەیروسەمەرە باس بکەیەن: لە هەموو مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا، هەتە ئێستانەبیستراوە و نەبینراوە، هیچ سەرکردە و سیاسەتپیشەیەکی کورد، هیچ پارت و رێکخستنێکی سیاسیی کوردستان، بۆ تەنها جارێکیش رەخنەیەکیان لە هەڵە و تاوانێکی رابووردووی خۆیان گرتبێت. ئەمە لەکاتێکدا کە لە رابووردوودا، بە هەزاران هەڵە و تاوانی گەورە و بچووکیان ئەنجام داوە. چەندین پێوەندیی گومانلێکراوانەیان لەگەڵ دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان دروست کردووە. راپۆرتی سیخورییانەیان لەسەر یەک داوە بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، سوپای پاسدارانی ئێرانی و سوپای بەعسی عێراقیان پەلکێشی کوردستان کردووە بۆ لووتشکاندن و دەرپەڕاندن و لەناوبردنی یەکتری. چەندین جار شەری یەکتر کووشتنیان هەڵگیرساندووە کە لە سەرەنجامدا بە هەزاران کوردیان بە دەستی یەکتر بەکوشتداوە، ماڵی یەکتریان تاڵان و وێران کردووە. خاووخێزانی یەکتریان ئاوارە و سەرگەردان کردووە. بەردەوام تێرۆری سیاسییان لە یەکتری کردووە. لە پێناوی بەرژەوەندییە کاکەکەسی و بنەماڵەیی و حیزبییە ناڕەواکانیاندا، بە سەدان کارەساتی گەورە و بچووکیان بەسەر کورد و کوردستاندا هێناوە. دەریایەک فرمێسک و خوێنی میللەتیان رشتووە. سەرباری هەموو ئەمانەش، دوای راپەڕین، بەبێ پرسوڕا و رەزامەندیی میللەت و کەسوکاری گاینبەخشیوەکان، لە پێناوی ململانێ حیزبییەکان و کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی لەشکری رەش، لێبووردن و لێخۆشبوونی گشتییان بۆ هەموو جاش و سەرجاشەکان و موستەشار و بەعسی و ئەنفالچییەکانو بەکورتییەکەی بۆ هەموو ناپاک و خۆرۆشتووەکانی ناو کوردستان دەرکرد و هیچ رەچاوی هەست و هۆش و دڵ و دەروونی هەزاران هەزارن کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و کیمیابارانکراواکان و گیانبەخشیوەکانی کوردستانیان نەکرد و لەمەش خراپتر و تاوانی گەورەتر، داڵدەی ئەو هەموو کوردە نەتەوەفرۆش و نیشتمانفرۆشەیان لەنێو رێزەکانی خۆیاندا دا و زۆربەشیان کردن بە بەرپرس و سەلەشکری حیزبەکانیان و ئێستا هەموویان، خۆیان و نەوەکانیان لەسەر بوودجەی میللەت، مووچەی خانەنشینییان بۆ بڕیونەتەوە و لە خۆشترین بارودۆخدا ژیان دەگوزەرێنن و وەکو نە بیان دیبێت و نە باران!؟

هەتا ئێستا هیچ میللەتێک لە ناپاکەکانی خۆی خۆش نەبووە. ئێمەی کورد تاکە میللەتێکین کە لە ناپاکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان خۆش بووین!؟

هەموومان بە چاوی خۆمان بینیومانە و و دەیبینین کە لەماوەی ئەم 23 ساڵەی دەسەڵات و خۆفەرمانڕەوایی دەسەڵاتی سیاسیی سەرانی پارتە سیاسییەکانی باشووردا، هەتا ئەمڕۆش، بە ناوی میللەتەوە چەندین ملیارد دینار و دۆلار گومرگ و باج و بوودجە وەرگیراوە و وەردەگیرێت، بەردەوام سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی بەتاڵان براوە و دەبرێت، ئەمڕۆ لە باشووردا چەندین هەزار ملیۆنەر و ملیاردێری بێ رابووردوو و تازەپیاکەوتوو، سەریان هەڵداوە و پاوانی گشت مامەڵەیەکی بازرگانیی ناوخۆ و ئابووریی نادرە و هاوردەی کوردستانیان لەژێر دەستدایە. زۆربەیەتیی میللەتیش لە ناخۆشترین بارودۆخی کرێچێتی و بێکاری و هەژاری و نادڵنیاییدا، ناچارکراون، ژیانی مەمرە و بژی بگوزەرێنن!؟

ئەمە نەک هەر سەیروسەمەرەیە، بەڵکو جێگەی داخ و شەرمەزاریشە، کە هەتا ئێستا نەبیستراوە و نەبینراوە بۆ تەنها جارێکیش دان بە هەڵە و تاوانەکانی خۆیاندا بهێنن و داوای لێبووردن و بەخشین لە مییللەت بکەن. هیچ کەس و لایەنێک ئەو گیانی ئازایەتی و ویژدانەیان نەبووە و نییە کە بەرپرسیارێتیی هەڵە و تاوانەکانیان بگرنە ئەستۆی خۆیان، هەمیشە هەر یان بێگانە، یان میللەتی خۆمانیان تۆمەتبار و تاوانباکردووە!؟ هۆکارەکەش ئەمەیە ئەگەر پڕوایان بە داوای لێبووردن و بەخشین لە میللەت، هەبێت، دەبێت بەردەوام رۆژانە لەسەر هەڵە و تاوانەکانیان، چەندین جار داوای لێبووردبن لە میللەت بکەن!؟

ئەمڕۆ پرسیاری هەموو میللەت ئەمەیە: ئایا ئەم بێ ویژدانی و نادادپەروەری و بارودۆخە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ئێستا، هەتا سەر هەر بەردەوام دەبێت!؟

بەختیاری شەمەیی

11.11.2014